# ژیان لەم مەملەکەتەدا، چ گەمەیەکی پڕ لە تاوانە!!

ڕێبوار ڕەزا چوچانی
rebwarreza1983@yahoo.com



عەیامێکە نیشتیمان لە پێش چاومدا بۆتە دۆزەخێکی پڕ لە سوتان و واهەست دەکەم ئێستا ئەم نیشتیمانە، سەر زەمینی خەون و خولیاکانی مرۆڤ نیە و هاونیشتیمانیەکانی لەباوەش ناگرێ، بەڵکە من وا هەست دەکەم، ئێستا نیشتیمان بەهەشتی مرۆڤگەلێکی جاهیلە و جەهەنمێکی گەورەیە بۆ ئێمەش، فیردەوسی ئەوانەیە کە وەکو کاڵا مامەڵەی پێوە دەکەن و بۆ ئەوانەیش کە ماندوو بون لەڕێگەی گێڕانەوەی حورمەت بۆی دۆزەخێکە هەر ئامانی نیە، لێم ببورە نیشتیمان وات پێدەڵێم، چونکە ئەوە واقیعە و واقیعێکی تاڵیشە، بەڵام هەستیش بەوە دەکەم، کە هەموو ئەمانە ئازارت دەدەن و زوخاوت پێدەنۆشن، کە ئێوارانیش بە شەقامە چۆڵەکانی ئەم شارە خامۆشەدا ڕێدەکەم، هەست دەکەم لەم مەملەکەتە هەموو دەمێك ووشکە ساڵییە، بۆیە حەزم لێیە وەك ڕێژنەی بارانێك دابباریێم بەسەر سەرزەمینە سوتاوەکەی ئەم نیشتیمانە بێباوکەدا، تا بتوانم لێوی عاشقانێك تەڕ بکەم کەلە مێژە چاوەڕێی تاوە بارانێکن تا سوکنایی بە ڕۆحیان بگات، ئاخر ناخی ئەم زەمینەی کە بەبێدەنگی ڕاکشاوە و گوێی بۆ چرپە پڕ لە ترسەکانی ئەو عاشقە بەدبەختانە ڕاگرتوە کە قەدەر فڕێیداونەتە ئەم سەر زەمینە پڕ لە گوناهە، لێوان لێوە لە عاشق، ئەو عاشقانەی کە ڕۆژانە تیرۆر دەکرێن و دەکوژرێن و دەربەدەر دەکرێن، بەڵام چارە نیە دەبێت هەمومان بە مەلوولییەوە نیگامان بگرینە داهاتوویەکی وون، داهاتوویەك کە کەس ناتوانێت بیبینێت یان هیچ نەبێت پێناسەی بکات، ئێمە هەمووومان کوشتەی داهاتووین، بەڵام داهاتویش هێندە بێڕەحمانە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات، دورنییە نوسەرەکان بکاتە تونچی حەمام و شاعیرەکان ناچار کات شیعرەکانیان هەراج کەن و ڕۆژانە هاوار بکەن شازی شیعری ڕیالیزم کیلۆی بە (250) دیناری برێمەر و مۆسیقارەکان ئالەتەکانی دەستیان بشکێنن ولەجیاتی کەمانێك، گیتارێك، فلوتێك، دەفێك، هەموویان جانتایەك بگرنە دەستیان و پڕیکەن لە ماڵئاوایی، گۆرانی بێژەکان لە جیاتی ئەوەی گۆرانی بۆ عیشق بڵێن، هەموویان پێکەوە بەیەك کۆرس سرودی ئاوابوونی نیشتیمان بڵێن، دورنیە ئەو داهاتووەی کە چاوەڕێی دەکەین، هێندە دڵڕەق بێت لەم مەملەکەتە پڕ لەگوناهەدا هەموومان بەشەق بمانکاتە دەرەوە و بێئۆقرەمان بکات بۆ ئەوەی هەرچی زووە سەری خۆمان هەڵگرین و ڕێگەی هات و نەهات بگرینە بەر بەرەو نادیار، ناچارمان بکات بڕۆین و خۆمان بدەینە دەست قەدەر، بەڵام ئێستاش هەموومان بێئۆقرەین، بەقەد ئۆقرەیەکی لە دایك نەبوو، هەموومان بێدەنگین بەقەد گۆرانییەکی نەگووتراو، هەموومان دڵتەنگین بەقەد پارچە شیعرێکی بێناونیشان، من ئێستا غەریبی یەخەی پێگرتووم و هێندە غەریبم، مەگەر دەنگی گیتارێك لە من غەریبتر بێت، هێندە غەمگینم مەگەر تەنها کەمانچەی دەستی مۆسیقارێکی دڵتەنگ بە قەد من غەمگین بێت، بەڵام نازانم بۆ دەبێت غەمگین بم، بۆ بێبدەنگ بم، بۆ دەبێت هەمیشە لە ناخی خۆمدا لە جەنگێکی بەردەوامدابم، ئەو جەنگە بەردەوامەی کەلە ناخی مندا هەڵگیرساوە، کۆتاییەکەی لە کوێدایەو کێ بەر پرسیاری یەکەمیەتی ؟؟؟

بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم ژیان بە جەنگەوە مانادارە، ژیان بە جەنگەوە جوانە، بەڵام ئەو جەنگە نا کە فیتنەی نێوان مرۆڤەکان، بیروباوەڕەکان، ئاینەکان، ئایدیۆلۆژییەکان، هەڵدەگیرسێ و ئیتر هەموو بەهاکاکان دەبنە قوربانی جەنگ و دەبنە تەپو تۆزی بن پۆستاڵی بەشەڕ هاتوان و دەبنە گوڵێکی ترساوی سەر لا ڕێکانی ئەو سوپایەی کە بۆ کوشتنی ئارامیەکانی مەملەکەتێك دەچن، بەڵکە ئەو جەنگەی کەسەرەتایەك دادەڕێژێت بۆ بە ئینسانی بوونمان، ئەو جەنگەی کە فێرمان دەکات ڕوبەڕووی ناعەدالەتییەکان بوەستینەوە، ئەو جەنگەی کەلە پێناو مانادار کردنی تەواوی ڕەهەندەکانی ژیان بەرپای دەکەین، ئەو جەنگەی کە جا هیلەکان لەگەڵمان دەیکەن، بۆ سڕینەوەی عەقڵ و هۆشمان و کۆپی کردنی عەقڵی ڕزیوی خۆیان لە سەرمان و ئێمەیش ڕیگەیان پێنادەین و بەربەرەکانێ دەکەین لەگەڵیان، هەر ئەم بەربەرەکانێشە پارسەنگی تواناکانمان ڕادەگرێت و زیندوویێتیمان پێدەبەخشێت، من دەمەوێت ئەو زیندوێتییە فێرە یاخی بوونم بکات، فێرم بکات هەموو دەمێك باوەڕم وابێت کە یاخیم و یاخی بوون دەمکاتە جەنگاوەری حەقیقەت، من هەمیشە حەزدەکەم یاخی بم، یاخی بوونێك کەبە بزنە ڕێی مەرگدا هەڵاژنێم و بە قەد هاوارێکی پڕلە سەدا یاخی بم و لەو یاخی بوونەیشدا گۆرانی بۆ ژیان بڵێم، ئاخر هیچ

شتێك به قەد ئەوە جوان نیە مرۆڤ یاخی بێت و لە یاخی بوونیشدا عیشقێك لەدڵیدا بێت و مەحکومی گۆرانی ووتنی بکات بۆ ژیان، ئێمە هەتا دەمرین دەبێ یاخی بین، چونکە سروشتی ژیانکردن لەم مەملەکەتە وێرانەیە، پڕاوپڕە لەیاخی بوون، ئەگەر یاخی نەبیت ڕامت دەکەن، کە ڕامیش کرایت دەبیتە کۆپی جاهیلەکان و دەبێت زیکر بۆ جەهل و بەربەریەت بکەیت، دەبێت وەکو مەلێکی باڵشکاو و لە فڕین کەوتوو، چاوەڕێ بیت تا ڕۆژێك دێت و ڕاوچییەکان دەتخەنە ژێر ڕەحمەتی چەقۆی دەستییان، ئای لەم ژینە چ گەمەیەکی پڕلە تاوانە ،